# په‌نجه‌كانتان مه‌بڕن و له‌ ده‌نگدان دا به‌ كاریان بهێنن!



**ده‌نگدان پڕۆسه‌یه‌كی ئاره‌زوومه‌ندانه‌یه‌، به‌ڵام ئه‌ركێكی ویژدانی و نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانیشه‌، چونكه‌ له‌ڕێ ده‌نگدانه‌وه‌ تای ته‌رازووی هێزه‌كان ده‌گۆڕێت و دڵخوازی خۆشت ره‌وانه‌ی پارله‌مان ده‌كه‌یت**

ماوه‌یه‌كه‌ لێره‌و له‌وێ باس له‌ هه‌ڵبژاردن و چونه‌ سه‌ر سه‌ندوقه‌كانی ده‌نگدان ده‌كرێ، هه‌ندێك كه‌س له‌ خۆڕاوه‌ هانی خه‌ڵك ده‌ده‌ن تا به‌شداری له‌ده‌نگداندا نه‌كه‌ن. هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ی گله‌یی و گازانده‌یان لێ ده‌ڕژێته‌وه‌، ده‌ڵێن په‌نجه‌كانمان ده‌بڕین و ده‌نگ نادەین! هه‌ندێك نووسه‌ری توڕه‌ش هه‌مان په‌یڤ دووپات ده‌كه‌نه‌وه‌و ده‌نووسن ئه‌و په‌نجه‌یه‌ ده‌بڕم و ده‌نگی پێنادەم!!

ده‌نگدان پڕۆسه‌یه‌كی ئاره‌زوومه‌ندانه‌یه‌، به‌ڵام ئه‌ركێكی ویژدانی و نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانیشه‌، چونكه‌ له‌ ڕێی ده‌نگدانه‌وه‌ تای ته‌رازووی هێزه‌كان ده‌گۆڕدرێت و نوێنه‌ر ره‌وانه‌ی په‌رله‌مان ده‌كرێت، هه‌ربۆیه‌ش ده‌بێ كوردستانیان بزانن كه‌ چۆن چۆنی ده‌نگه‌كانی خۆیان به‌كارده‌هێنن.

مخابن هه‌ندێك كه‌س، ده‌نگدان به‌ وه‌رگرتنی پاداشت لێكده‌داته‌وه‌، هه‌ندێك پێیانوایه‌ ئه‌گه‌ر بچنه‌ سه‌ر سه‌ندوقی ده‌نگدان و ده‌نگیان به‌ لایه‌نێكی دیاریكراودا، ئیدی ئه‌و لایه‌نه‌ ده‌بێ پاره‌یان پێ بدات!! هه‌ندێك هه‌ر له‌ بنه‌ڕه‌ته‌وه‌ باوه‌ڕیان به‌ ده‌نگكڕین و ده‌نگفرۆشتن هه‌یه‌، ئه‌و به‌د تێگه‌یشتنه‌ش وایكردووه‌ كه‌ به‌های ده‌نگی خۆیان نه‌زانن و سه‌وداومامه‌ڵه‌ی پێبكه‌ن.

ئه‌وانه‌ی پێیانوایه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر ده‌نگیان به‌ حزبێك یان لایه‌ن و لیستێك دا، ئیدی لایه‌نی ده‌نگوه‌رگر پێبه‌ند ده‌بێ كه‌ یارمه‌تی ده‌نگده‌ران بدات! یان پاداشتیان بداته‌وه‌. بێگومان خراپ له‌ مافی ده‌نگدان و به‌كارهێنانی ده‌نگ تێگه‌یشتوون، چونكه‌ ده‌نگدان بۆ ئه‌وه‌نیه‌ كه‌ لیستی ده‌نگ وه‌رگر به‌ پول و پاره‌ پاداشتی ده‌نگده‌ران بكاته‌وه‌، به‌ڵكو ده‌بێ چاوه‌ڕوانی پێشكه‌شكردنی خزمه‌تگوزاری پێویست له‌لیستی براوه‌ بكه‌ن.

ئه‌وانه‌ی له‌ مافی ده‌نگدان تێده‌گه‌ن و ڕێزی ده‌نگی خۆیان ده‌گرن و ده‌زانن چۆن به‌كاری بهێنن، هه‌میشه‌ كه‌سانی نیشتمانپه‌روه‌رو به‌ بیروباوه‌ڕن، ئامانجیان گه‌یشتنه‌ ده‌سته‌ڵاتی ئه‌و لیستانه‌یه‌ كه‌ نوێنه‌رایه‌تیان ده‌كه‌ن و به‌رنامه‌ی باشیان پێیه‌، چونكه‌ نوێنه‌رایه‌تی كردن ئه‌وه‌ نیه‌ كه‌ لیست و حزبی براوه‌ موچه‌ بۆ خه‌ڵك و بۆ ده‌نگده‌ر و لایه‌نگرانی خۆی ببڕێته‌وه‌، هه‌رچه‌نده‌ كه‌ ئێمه‌ی كوردستانی له‌و بواره‌دا ئه‌زموونێكی تاڵمان هه‌یه‌و به‌و شێوه‌یه‌ش تێگه‌یندراوین، له‌ زۆربه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كانیشدا به‌و شێوه‌یه‌ ده‌نگ كۆكراوه‌ته‌وه‌، پاره‌و ده‌مانچه‌ به‌سه‌ر خه‌ڵك دابه‌شكراوه‌و ده‌نگ له‌ خه‌ڵك وه‌رگیراوه‌.

له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ هه‌ندێك پێیانوایه‌ باشترین ڕێگه‌ بۆ تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌ له‌و لایه‌نانه‌ی كه‌ ده‌سته‌ڵاتی خۆیان به‌ خراپی به‌كار هێناوه‌و گه‌نده‌ڵیان كردووه‌، ئه‌وه‌یه‌ كه‌ نه‌چیته‌ سه‌ر سه‌ندوقه‌كانی ده‌نگدان و ده‌نگ نه‌ده‌یت!! بێگومان ئه‌و جۆره‌ بیركردنه‌وانه‌ سه‌رچاوه‌یان له‌ كۆنه‌پارێزی و كه‌م هۆشیاریه‌وه‌ گرتووه‌، ده‌نا ده‌نگدان و نه‌چونه‌ سه‌ر سه‌ندوقه‌كان نه‌واتای تۆڵه‌ سه‌ندنه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ و نه‌ لایه‌نی نه‌یاریش پێیده‌دۆڕێنێ.

به‌شداریكردن له‌ پڕۆسه‌ی ده‌نگدان مافی سه‌ره‌تایی هه‌ر تاكێكی كۆمه‌ڵه‌، له‌و ڕێگه‌یه‌شه‌وه‌ مرۆڤ ده‌توانێ مافی خۆی مسۆگه‌ر بكات و تۆڵه‌ له‌و لایه‌نانه‌ بكاته‌وه‌ كه‌ نایه‌وێ جڵه‌وی ده‌سته‌ڵات به‌ ده‌سته‌وه‌ بگرێ، به‌ڵام تاكه‌كانی كۆمه‌ڵی كوردستان ده‌بێ جیاوازیه‌كانی نێوان ده‌نگدان و ده‌نگنه‌دان له‌یه‌كتر هاوێر بكه‌ن، چونكه‌ ده‌نگدان بۆ لایه‌نی ده‌سته‌ڵات و نه‌چوونه‌ سه‌ر سه‌ندوق ته‌واوكه‌ری یه‌ك هاوكێشه‌ن. ئه‌گه‌ر مرۆڤ بچێته‌ سه‌ر سه‌ندوق و ده‌نگی پێشتر گه‌نده‌ڵیان كردوه‌و ئاوڕیان له‌ خه‌ڵك نه‌داوه‌ته‌وه‌و بیریان له‌ خزمه‌تگوزاری گشتی نه‌كردۆته‌وه‌.

مرۆڤی تێگه‌یشتوو، مرۆڤی نیشتمانپه‌روه‌رو دڵسۆز ئه‌و كه‌سه‌یه‌ كه‌ بچێته‌ سه‌ر سه‌ندوقه‌كانی ده‌نگدان و بزانێ چۆن په‌نجه‌ی بجوڵێنێ و به‌ شێوه‌یه‌ك ده‌نگی خۆی خۆی به‌ نوێنه‌رو دڵخوازی خۆی بدات هه‌م ویژدانی ئاسوده‌ ده‌بێ و هه‌م ده‌زانێ له‌به‌رچی ده‌نگی پێداوه‌، هه‌میش مافی خۆیه‌تی چاوه‌ڕوانی له‌و لایه‌نه‌ هه‌بێ كه‌ كاری باش بكات و خزمه‌تگوزاری باش پێشكه‌ش به‌ خه‌ڵك بكات، به‌ڵام به‌شداری نه‌كردن هه‌م ده‌نگ دۆڕاندنه‌و هه‌م خۆبێبه‌ری كردنه‌ له‌ مافی سه‌ره‌تایی و هه‌میش ناكام هێشتنه‌وه‌ی ئه‌و چاوه‌ڕوانییه‌یه‌ كه‌ ده‌كرێ له‌ كاری باش و خزمه‌تگوزاری باشدا وه‌ڵام بدرێته‌وه‌.

له‌وانه‌یه‌ هه‌ندێك له‌ ساویلكه‌یی و بێزاریه‌وه‌ باس له‌ نه‌چونه‌ سه‌ر سه‌ندوقه‌كانی ده‌نگدان بكه‌ن، به‌ڵام سه‌یره‌ نووسه‌ر و ڕۆشنبیران باس له‌ نه‌چوونه‌ سه‌ر سه‌ندوق و په‌نجه‌ بڕین بكه‌ن، چونكه‌ مرۆڤی ڕۆشنبیر باش ده‌زانێ ئاكامی نه‌چوونه‌ سه‌ر سه‌ندوق و به‌كارنه‌هێنانی په‌نجه‌كان، چ ئاكامێكی ده‌بێ، ده‌شزانێ به‌شداری نه‌كردن ده‌رگه‌ی په‌رله‌مان به‌رووی ئه‌و كه‌سانه‌وه‌ ده‌كاته‌وه‌ كه‌ ده‌كار بكات. چونه‌ سه‌ر سه‌ندوق واتای ئه‌وه‌نیه‌ كه‌ تۆ ده‌نگ به‌ لیستی ناحه‌زو نا دڵخواز ده‌ده‌یت، واتای ئه‌وه‌ نیه‌ كه‌ تۆ پێشوازیت له‌ به‌رنامه‌ی ئه‌و حزب و لایه‌نانه‌ كردوه‌ كه‌ رقت لێیانه‌و به‌وه‌ تۆمه‌تباریان ده‌كه‌یت كه‌ گه‌نده‌ڵیان كردوه‌و خزمه‌تگوزاریان پێشكه‌ش به‌ گه‌ل و نیشتمان نه‌كردوه‌، به‌ڵكو به‌شداری كردن له‌ پڕۆسه‌ی ده‌نگدان، چونه‌ سه‌ر سه‌ندوق و ده‌نگدان خۆی له‌ خۆیدا سه‌رپشككردنی ویژان و لۆژیك و وڵاتی بوونت ده‌گه‌یه‌نێ، له‌و ڕێگه‌یه‌شه‌وه‌ ده‌توانی ده‌نگ به‌ لایه‌نی دڵخوازت بده‌یت، ئه‌گه‌ر هیچ لایه‌ن و لیستێكیشی لا په‌سند نیه‌، ده‌توانێ ده‌نگی خۆت بسوتێنیت نه‌وه‌ك لایه‌نی ناحه‌زو نه‌ ویستراوت ده‌نگه‌كه‌ی تۆ به‌كار بهێنێ و بۆ خۆی بیبات.

له‌و وڵاتانه‌ی كه‌ خه‌ڵك له‌ ده‌سته‌ڵات بێزارن، هه‌وڵ ده‌ده‌ن له‌ كاتی ده‌نگداندا تۆڵه‌ی خۆیان بكه‌نه‌وه‌و به‌ ده‌نگ بیانهێننه‌ خواره‌وه‌، یان به‌ده‌نگه‌وه‌ به‌شداری له‌ دابه‌زاندنیان بكه‌ن، به‌ڵام مخابن هه‌ندێك له‌ كوردستانیان به‌ پێچه‌وانه‌ له‌ هاوكێشه‌كه‌ گه‌یشتوون، پێیانوایه‌ به‌شداری كردن له‌ ده‌نگ دان، دووپات بوونه‌وه‌ی ده‌نگدانه‌ به‌وانه‌ی كه‌ كاری باشیان نه‌كردوه‌، یان زیندووكردنه‌وه‌ و درێژكردنه‌وه‌ی ته‌مه‌نی ئه‌وانه‌یه‌ كه‌ گه‌نده‌ڵیان كردوه‌!! ئه‌و هاوكێشه‌یه‌ ته‌واو پێچه‌وانه‌یه‌، بۆیه‌ من ده‌خوازم كه‌ په‌نجه‌كانتان نه‌بڕن و له‌ ده‌نگداندا به‌كاریان بهێنن.

**هاشم عه‌بدوڵڵا محێدین**
hashm_abdula@hotmail.com

# توركیه‌؛ تارمایی "شه‌ڕێكی چه‌په‌ڵ"

**ڕۆژنامه‌ ی لوموند سێشه‌ممۆ ١٤ی ئاوریل** 2009
Perrier Olivier Truc et Guillaume
**ناردراوه‌كانی تایبه‌تی لوموند له‌ سیلوپی‌و باشووری سوید**
وه‌رگێڕانی: عه‌زیزی ماملێ

عه‌بدوالقادر ئایگان كه‌ له‌ ناو گوندێكی باشووری سوید گۆشه‌نشین ماوه‌ته‌وه‌، له‌ ژێر چاوه‌دێری ئاسایشی ئه‌و وڵاته‌ ژیان ده‌باته‌ سه‌ر؛ ئه‌و په‌نابه‌ره‌ له‌ هه‌ر یه‌ك له‌ له‌قاودان و دركێنراوه‌كانی، توركیه‌ وه‌له‌رزین ده‌خا- ناوبراو ئه‌ندامی شۆڕشی كوردستان له‌گه‌ڵ پارتی كریكارانی كوردستان ده‌بێ و له‌ ساڵه‌كانی ١٩٩٠ به‌ هۆی عه‌سكه‌ری توركه‌وه‌ "وه‌رده‌گه‌ڕێته‌وه‌"- له‌و كاته‌وه‌ له‌گه‌ڵ ژیتێم واته‌ بنكه‌یه‌كی نهێنی ژاندارمێری تورك كه‌ بۆ ماوه‌ی ده‌ ساڵ بو خه‌باتی دژ به‌ تیرۆر ته‌رخان كرابوو له‌ جینایه‌ته‌كانی كه‌ له‌ باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی توركیه‌ ڕوویدا به‌شداری كرد- له‌ سه‌رده‌می ئه‌و "شه‌ڕه‌ قورسه‌دا" كه‌ عه‌سكه‌ری تورك به‌توندی دژ به‌ خه‌باتگێڕانی پارتی كرێكارانی كوردستان، هه‌روه‌ها دژ به‌وانه‌ كه‌ به‌ پشتگری له‌ وان تاوانبار ده‌كران وه‌ڕێی خستبوو.

عه‌بدوالقادر له‌ ساڵی ٢٠٠٣ وه‌ توركیای به‌ جێ هێشتووه‌ و ئه‌وڕۆ ده‌ستی كردۆ به‌ ئاخافتن- ئاواش ده‌ست پێده‌كا: "وه‌ك كارمه‌ندێك له‌ مانگی سیپتامبری ١٩٩١به‌ ژماره‌ی تایبه‌تی ژ٢٧٢٩٩ دامه‌زرام" - زۆر به‌ وردی باسی ئه‌و ڕۆژانه‌ ده‌كا كه‌ بۆ ئه‌شكه‌نجه‌و ئیعدامی كورت و بێ موحاكه‌مه‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ كه‌ گومانی پشتگری له‌ پرسی كوردیان لێ ده‌كرا، ته‌رخان كرابوو- ئه‌و بۆخۆی شایه‌دی ئه‌و ئه‌شكه‌نجه‌ و ئیعدامانه‌ بووه‌- به‌ سه‌دان قه‌تل و فڕاندنی بێسه‌روشوێن و ڕوون نه‌كراوه‌ له‌ نێوان ساڵه‌كانی ١٩٨٧ و ٢٠٠١ باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی توركیا ڕوویدا. سه‌زگین تانریكولو، پارێزه‌ری دانیشتووی دیاربه‌كر كه‌ ئه‌ركی پاراستنی مافی مرۆڤی گرتۆته‌ ئه‌ستۆ، له‌ سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌یه‌ "نزیك ١٥٠٠ دوسیه‌ -په‌روه‌نده‌- كراوه‌ته‌وه‌ كه‌ به‌ نێوی بێسه‌روشوێنه‌كان ناسراون، ژماره‌ی ئه‌و دۆسیانه‌ ده‌گاته‌ ٥٠٠٠ ئه‌گه‌ر ئه‌و كوژراوانه‌ی كه‌ هیچ چه‌شنه‌ لێكۆڵینێكیان بۆ نه‌كراوه‌ له‌ به‌ر چاو بگیرێن.

له‌ توركیه‌، دانپێداهێنانه‌كانی عه‌بدوالقادر ئایگان به‌ ته‌واوی كاری پشكنین و لیكۆلین له‌ سه‌ر ئه‌و بێسه‌روشوێنچوونانه‌ی ناو توركیای هێناوه‌ته‌ ئاراوه‌ و هیوای داوه‌ته‌ بنه‌ماڵه‌كه‌یان- مه‌یتی مراد ئه‌سلان، گه‌نجێكی ٢٥ ساڵه‌ كه‌ له‌ ساڵی ١٩٩٤ دا پرش و بڵاو ببوو، ده‌ ساڵ دواتر دۆزرایه‌وه‌ كه‌ له‌ پاش ئاگر تێبه‌ردان له‌ قه‌راغ ڕێگایه‌ك خاكیان كردبوو - "ئێمه‌ له‌ چایخانه‌یه‌ك رفاندمان، ڕاپۆرتیان لێدابوو، هێنامانه‌ شوێنی ژیتێم- عه‌سكه‌رێكی پسپۆڕی ئه‌شكه‌نجه‌ به‌ میچه‌وه‌ هه‌ڵیواسی، قورسایی له‌ سه‌ر لاقه‌كانی بوو، عه‌سكه‌ره‌كه‌ له‌و حاڵه‌ته‌دا لێیده‌دا، سێ یان چوار ڕۆژان به‌ بێ خواردن ڕایانگرت، من ئاگاداریه‌كانیم هه‌ڵده‌سه‌نگاند-"

عه‌بدوالقادر ده‌ڵێ كه‌ مراد ئه‌سلانیان نارد بۆ سیلۆپی و له‌ پاشان هێنایانه‌وه‌ جه‌م چه‌می فورات- " په‌ڕۆیه‌كمان به‌ سه‌ر چاوی دادا و ده‌ست به‌ستمان كرد- به‌رپرسی عه‌سكه‌ری یوكسول ئوگور ده‌سرێژی لێ كرد و جه‌ندی سالوسی به‌ نزینی به‌ سه‌ر داكرد و ئاگری تێ به‌ردا- له‌ سه‌ر شایه‌دی و ڕاگه‌یاندنه‌كانی من، بنه‌ماڵه‌كه‌ی توانی په‌یدای بكاته‌وه‌ و به‌ پێی ئادن ناسیانه‌وه‌-"

ئه‌وتۆبه‌ كاره‌ باسی" چاڵاوه‌كانی مه‌رگ "یش ده‌كا، شتێك كه‌ كه‌ چاپه‌مه‌نیه‌كانی تورك ئاوی پاكی به‌سه‌ردا ده‌كرێ، : له‌ ساڵی ١٩٩٤ مه‌یتی ٧ كه‌سیان خستبۆ ناو كووپه‌ی كۆمپانیای نه‌وتی توركیا به‌ ناوی بۆناس، له‌ پاش ئه‌وه‌ كه‌ سووتاندبوویانن و یان له‌ ناو ئه‌سیدیان هاویشتبوون- عه‌بدوالقادر ئه‌وه‌ش ڕوون ده‌كاته‌وه‌ كه‌ سێ ئه‌ندامی سه‌ندیكا كه‌ له‌ هه‌مان ساڵ دا گیرابوون له‌ لایه‌ن دادخوازی دیاربه‌كر ته‌سلیمی سه‌ركرده‌ی ژیتێم عه‌بدوالكه‌ریم كرسا كرابوون و به‌ده‌ستی ناوبراو به‌ گولله‌یه‌ك له‌ ناو چاوانیان له‌ نیزیك سیلۆپی ئیعدام كران- نۆشیره‌وان ئه‌لچی سه‌رۆكی پارێزه‌رانی سیلۆپی كه‌ له‌ دوو پات كردنه‌وه‌ و ده‌ست پێكردنه‌وه‌ی په‌روه‌نده‌كان نه‌خشی سه‌ره‌كی هه‌یه‌ ده‌ڵێ : " ده‌بێ قسه‌كانی عه‌بدوالقادر ئایگان زۆربه‌ جیددی وه‌ربگیرێ، چونكه‌ له‌ پاش پێدا چوونه‌وه‌ به‌ سه‌ریان دا، ده‌ركه‌وتۆ كه‌ ته‌واوی ئه‌وشتانه‌ كه‌ باسی لێ وه‌ ده‌كا ڕاستن-"

ئه‌ندامی پێشووی ژیتێم دووره‌ له‌وه‌ كه‌ گشت نهێنێكانی دركاندبێ- له‌ سوێد له‌ گیانی خۆی ده‌ترسێ، چوونكه‌ هه‌ڕه‌شه‌ی لێكراوه‌، توركیا داوای ته‌سلیم كردنه‌وه‌ی ده‌كا بۆئه‌وه‌ كه‌ به‌ تاوانی كوشتنی موسی عه‌نته‌ر له‌ ساڵی 1992دا، بچێته‌ مه‌حكه‌مه‌- " ئاماده‌م هه‌ركات وله‌ هه‌ر شوێنێك موحاكه‌مه‌ بكرێم غه‌یری له‌ توركیه‌، داوای ته‌سلیم كردنه‌وه‌ی منیان له‌ به‌رئه‌وه‌ هێناوه‌ته‌ گۆڕێ كه‌ باسی هیچ شتێكی دیكه‌ نه‌كه‌م- "

له‌ ڕۆژی ٩ی مارسه‌وه‌، لێكۆڵین له‌ سه‌ر بێ سه‌ر و شوێنه‌كان ده‌ورێكی تازه‌ی گرتۆ- له‌ سه‌ر داوای پارێزه‌ره‌كان كه‌ پێدا ده‌گرن له‌ سه‌ر قسه‌كانی عه‌بدوالقادر ئایگان، عه‌دلیه‌ بریاری دا له‌ سیلۆپی، ئاخرین شاری سه‌ر سنووری عێراق، هه‌روه‌ها له‌ دیاربه‌كر لێكۆلین بكه‌ن- " چاڵاوه‌كانی مه‌رگ" كه‌ له‌ نزیك گه‌وره‌ترین بنكه‌ی عه‌سكه‌ری سیلۆپی، له‌ سه‌ر سایتی كۆمپانیای بۆماس دامه‌زراوه‌، ده‌كه‌وێته‌ ژێر پشكنین. هه‌روه‌ها ئه‌و چاڵه‌ هه‌ڵكه‌نراوانه‌ كه‌ پڕن له‌ ئێسك، ده‌سته‌وانه‌یه‌كی كه‌سك، ته‌ناف و گوریسی گرێدراو، ورده‌ و پاشماوه‌ی جل و كه‌لله‌ سه‌رێكی ئینسان دۆزرایه‌وه‌"

به‌ پشكنینی ئه‌و به‌ڵگانه‌ كه‌ ده‌كه‌ونه‌ ڕوو، خورپه‌ و ترس له‌و كرده‌وه‌ دژه‌ ئینسانیانه‌ زیاتر ده‌بێ . سه‌رۆكی پارێزه‌ره‌كان هه‌روه‌ها ده‌ڵێ : " ئه‌و تاوان و جینایه‌تانه‌ چه‌ندین ساڵه‌ بۆ خه‌ڵك ناسراون- هه‌ر ماڵێك كه‌سێكی بێ سه‌ر وشوێنی هه‌یه‌، له‌ كه‌بابچی ناو مه‌یدانی شاررا هه‌تا به‌رپرسی ناوچه‌یی ئا ك پ، واته‌ حیزبی سه‌رۆك وه‌زیر، یه‌كێك له‌ ئازیزانی خۆیان له‌ ده‌ست داوه‌- ته‌نیا له‌ سیلۆپی له‌ ژماره‌ی١٥٠٠٠ كه‌س دانیشتوانی ئه‌و شاره‌، ٣٠٠ كه‌س بێ سه‌روشوێن چوون. ئه‌حمه‌د ناوێك كه‌ كاره‌كه‌ی ڕه‌سم هه‌ڵگرتن بوو و باوكی سێ منداڵ بوو، به‌یانه‌یه‌ك وه‌ده‌ركه‌وت، ئیتر كه‌س چاوی پێ نه‌كه‌وته‌وه‌- ئه‌نوه‌ر باوكی ئه‌حمه‌د كه‌ به‌ چاوی پر له‌ فرمێسكه‌وه‌ باسی كوڕه‌كه‌ی ده‌كا ده‌ڵێ كه‌ " له‌ پاش ده‌ساڵ مه‌یتی كوڕه‌كه‌م بۆ بدۆزنه‌وه‌"، ئه‌نوه‌ر كه‌ له‌ سه‌ر ته‌له‌ویزیۆن چاوی به‌و كه‌سانه‌ كه‌وتبوو كه‌ له‌ ناو چاڵی هه‌ڵكه‌نراو له‌ مه‌یتی بێ سه‌ر و شوێنه‌كان ده‌گه‌ڕان، ده‌چێته‌ كۆمه‌ڵی مافی مرۆڤ : " بیرم له‌وه‌ كرده‌وه‌ كه‌ ئه‌رگه‌نه‌گون كه‌ خه‌ریكه‌ ئه‌وڕۆ ده‌ته‌قێته‌وه‌، ده‌توانێ ده‌نگ و باسی تازه‌ی له‌م بابه‌ته‌وه‌ هه‌بێ"-

له‌وه‌تێ لێكۆڵین له‌ سه‌ر تۆڕی ئه‌رگه‌نه‌كون له‌ ساڵی ٢٠٠٧ وه‌ ده‌ستی پێ كراوه‌، هه‌ ندێك وه‌ قسه‌ هاتوون له‌ سه‌ر ئه‌و هێزه‌ شاراوه‌ی عه‌سكه‌ری و ناسیۆنالیستی ئه‌رگه‌نه‌كون كه‌ له‌ ناو ده‌ م و ده‌زگای ده‌وله‌تی تورك دا پێك هاتۆ و به‌وه‌ تاوانبار ده‌كرێ كه‌ كودتا و كوشتاری وه‌ڕێ خستۆ- له‌ مانگی ئۆكتوبری ٢٠٠٨ دا ، ٨٦ كه‌س له‌ پیاوانی عه‌سكه‌ری، ئاكادیمیك، ڕۆژنامه‌وان، مرۆڤی سیاسی و ئه‌ندامانی مافیا له‌ مه‌حكه‌مه‌یه‌كی تایبه‌تی له‌ ده‌وری ئیستانبوڵ، به‌ تاوانی پیلانێكی داڕێژراو دژ به‌ حكوومه‌ت موحاكه‌مه‌ ده‌كرێن- له‌ مانگی ٧ی ٢٠٠٩ دا ٥٦ كه‌س گومانلێكراوی دیكه‌ ده‌چنه‌ مه‌حكه‌مه‌، به‌ ده‌یان تاوانباری تر به‌ دوای ئه‌وان دا-

بوونی تۆڕی ئه‌رگه‌نه‌كون جێی سه‌ر سوڕمان نیه‌ : خه‌ڵكی تورك بۆ دیاری كردنی ئه‌و تۆڕه‌ ناسیونالیستێ توندره‌وه‌ هه‌تا ئێستا به‌ نێوی" ده‌وڵه‌تی قوول "باسیان ده‌كرد- ئه‌رگه‌نه‌كون ده‌توانێ نهێنێكانی هه‌ره‌ شاراوه‌ی مێژووی ئه‌و دواییانه‌ی توركیه‌وه‌ ده‌رخا : وه‌ك كوشتنی ڕۆژنامه‌وانی هه‌رمه‌نی هران دینك و هه‌روه‌ها دره‌نده‌یێكانی ژیتێم له‌ باشووری ڕۆژهه‌ڵات- عه‌بدوالقا در ئایگان جه‌خت له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌كاته‌وه‌ : " دامه‌زرێنه‌رانی ئه‌رگه‌نه‌كون ئه‌ندامی ژیتێمیش بوون- ئه‌رگه‌نه‌كون بۆ به‌ڕیوه‌بردنی به‌رنامه‌كانی خۆی له‌ سه‌رۆكایه‌تی مافیاش كه‌ڵكی وه‌رگرتۆ ، بۆ نموونه‌ به‌دژایه‌تی له‌گه‌ڵ سه‌رۆك كۆمپانێكان كه‌ به‌ كوشتنیان ده‌دان- به‌شێك له‌و كوشتنانه‌ كه‌ له‌ باشووری ڕۆژهه‌ڵات روویان داوه‌ به‌ ده‌ست ژیتێم هاتۆته‌ دی، به‌ڵام هه‌روه‌ها به‌ ده‌ست به‌شه‌كانی پۆلیس، ژاندارمێری، عه‌سكه‌ر ته‌نانه‌ت به‌ ده‌ست ' MHP' حیزبی توندڕه‌وی ڕاستی ناسیۆنالیستی تورك."

بۆ لاپه‌ڕه‌ 6